ژمارە: ٦٥/
ڕێکەوت: ٢٠٢١/٦/٣١

## بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

## بابەت/ پێشنیازە یاسا

ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی (لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار)،کە لە خوارەوە واژۆمان کردووە داواکارین پێشنیازە یاسای(گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان_عیراق)،بخرێتە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە بۆ ئەوەی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت.

لەگەڵ ڕێزدا...

| ژ | ناوی پەرلەمانتار | واژوو | ژ | ناوی پەرلەمانتار | واژوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | لقمان حمد حاجی مستەفا | [واژوو] | ٧ | زكری احمد اسماعیل | [واژوو] |
| ٢ | ڕزگار عیسی سوار | [واژوو] | ٨ | کلارا عۆدیشۆ یعقوب | [واژوو] |
| ٣ | نزار ملا عبدالغفار | [واژوو] | ٩ | سیپان سالم حسن | [واژوو] |
| ٤ | د.زێدان برادۆستی | [واژوو] | ١٠ | ابوبەكر عمر عبداللە | [واژوو] |
| ٥ | د.محی الدین حسن | [واژوو] | ١١ | ڕزگار محمد محمود | [واژوو] |
| ٦ | نجات شعبان عبداللە | [واژوو] | | | |

# پێشنیازە یاسای گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان - عێراق

بەشی یەکەم

پێناسەکان

ماددەی یەکەم:

مەبەستی ئەم یاسایە لەم ووشە و دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.

دووەم: ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

سێیەم:. وەزارەت: وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار

چوارەم: دەستە: دەستەی گەشتوگوزار، بەڕێوەبردنی کاروباری گەشتوگوزار لە هەرێم لە ئەستۆ دەگرێت. خاوەن کەسێتی مەعنەوی سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕییە و بۆی هەیە بۆ مەبەستەکانی گەشتوگوزاری دیارکراو لەم یاسایە ببێتە خاوەنی مایە.

پێنجەم: سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزار: دەستە سەرۆکێکی دەبێت بە پلەی جێگری وەزیر.

شەشەم: ئەنجومەن: ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی دەستە.

حەوتەم: مەبەستی گەشتیاری: حەسانەوە و لە هەوارگەکان و وەرزش و مەلەوانی و بینینی جێگا شوێنەواریی و کولتوری و شوێنە سروشتی و مێژووییەکان و باخچە و پارکەکان و گەشتوگوزاری ئاینی و بازارکردن و ڤیستیڤال و هەر ئامرازێکی دیکە کە راکێشانی گەشتیاری دەستەبەر بکات.

هەشتەم: ناوچە و جێگای گەشتیاری: هەر جێگایەك کە بۆ مەبەستی گەشتیاری تیایدا بەکاربهێنرێت.

نۆیەم: دامەزراوەی گەشتیاری: هەر جێگایەك کە مەبەستی گەشتیاری تێدا بەدی بکرێت و ئەمەش بە پێی رێنمایی دیار دەکرێت، کە دەستە دەری دەکات.

دەیەم: گەشتیار: ئەو کەسەی لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی دەچێتە ناوچەیەکی دیکە.

یازدەم: پرۆژەی گەشتیاری: هەر چالاکیەکی پەیوەست بە گەشتوگوزار کە لەلایەن کەسێکی سروشتی، یان مەعنەوی ئەنجام بدرێت.

دوازدەم: وەبەرهێنەری گەشتیاری: کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی ، وەبەرهێنانی سەرمایەکەی ،یان بەشێکی لە پرۆژەی گەشتیاری ئەنجامبدات.

سێزدەم: رێنوێنیکاری گەشتیاری: ئەو کەسە سروشتی یان مەعنەوییە یان ئەو رێبەرەیەکە لە لایەن دەستەوە مۆڵەتدراوە و باسکردن و رێنوێنیکردنی گەشتیاران لەئەستۆ دەگرێت.

بەشی دووەم

ئامانجەکان و ئامرازەکانی دەستەبەرکردنیان

ماددەی دووەم:

یەکەم: رێکخستن و ئاراستەکردن و چاودێریکردن و پەرەپێدانی چالاکیی گەشتیاری لە هەرێم بەو شێوەیەی رۆلی ئابوری و رۆشنبیری و شارستانی خۆی دەستەبەر دەکات.

دووەم: گرنگیدان بە گەشتوگوزار و پەرەپێدانی گەشتیاری سەرنجراکێشەکان و پتەوکردنی رۆڵی کەرتی تایبەت و تێکەڵاو و هاندانی سەرمایە نیشتیمانیی و بیانییەکان بۆ وەبەرهێنان لە پرۆژەکانی گەشتیاری، بەو شێوەیەی دەگونجێت لەگەڵ پیشەسازیی گەشتوگوزار و رۆڵی ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکانی.

سێیەم: هێنانەدی هەماهەنگی و تەواوکاری هاوبەش لەگەڵ لایەن و دامەزراوە حکومی و ناحکومییە نێوخۆیی و دەرەکییە پەیوەندارەکان، یارمەتیدەر بێت بۆ پەرەپێدانی پیشەسازیی گەشتوگوزار.

چوارەم: دیارکردن و سوود وەرگرتن و بەڕێوەبردنی ناوچە و شوێنە گەشتیارییەکان لە هەرێم.

پێنجەم: مسۆگەرکردنی باشترین بەکارهێنانی جۆرەکانی گەشتوگوزار و گەشەپێدانیان و پارێزگاریکردن لە سەرچاوە و چوارچێوەکانیان.

شەشەم: گەشەپێدانی هۆشیاری کۆمەڵگە سەبارەت بە گرنگی گەشتوگوزار.

ماددەی سێیەم:

بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی ئەم یاسایە دەستەی گەشتوگوزار پشت بەم ئامرازانەی خوارەوە دەبەستێت:

یەکەم: ناساندنی و ناوچە و جێگە گەشتیارییەکان و رەواجپێدان و رێکخستنی ئامراز و شێوازەکانی ریکلامی گەشتیاریی.

دووەم: گەشەپێدانی هاوکاری لە بواری گەشتوگوزار لەگەڵ وڵات و رێکخراوە جیهانییەکان و نوێنەرایەتی کردنی هەرێم لە کۆنگرە و جموجۆڵ و پێشانگە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە چالاکیی گەشتیاری.

سێیەم: هاندان و دامەزراندنی پەیمانگە و ناوەندی پسپۆڕ بۆ ئامادەکردنی ستافی مرۆیی راهێنراو.

چوارەم: چاودێریکردنی کار بەجێگەیاندنی گەشتیاری و هەڵسەنگاندنی ئاستی جێبەجێکردن و دانانی چارەسەرییەکان بۆ چاککردنی کوالیتی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان.

پێنجەم: دانانی ستاندارد و مەرجی تەکنیکی و بیناسازی بۆ پرۆژەی گەشتیاریی بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکاندا.

شەشەم: دیاریکردن وئامادەکردنی پلان و پرۆگرامی پەیوەست بە گەشەپێدانی جێگای گەشتیاری.

حەوتەم: کارکردن لەسەر سوود وەرگرتن سەرچاوە سروشتییەکان لە هەرێم وەك چیا و ئەشکەوت و تاڤگە و کەنارەکانی رووبار و دەریاچە و کانیاوەکان بە کانیاوەکانی ئاوی کانزاییشەوە.

هەشتەم: دامەزراندنی نووسینگەی گەشەپێدان گەشتیاری لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم و لە فرۆکەخانە و ناوەندە سنوورییەکان و شوێنەکان دیکە بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکاندا.

نۆیەم: کارکردن لەسەر دانانی سیاسەت و پلان و پرۆگرامی پێویست بۆ هێنانە ناوەوەی سیستەمی گەشتیاریی ئەلیکترۆنی بۆ ناو چالاکییە گەشتیارییەکان.

دەیەم: پێشنیازکردنی پرۆژە یاسا و پێڕەو لە بواری گەشتوگوزار و بەرزکردنەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران.

یازدەیەم: هەماهەنگی لە نێوان وەزارەت و لایەنە پەیوەندارەکان بە جێبەجێکردنی پلانەکانی گەشەپێدانی گەشتیاری بەپێی ئەو ئەرکانەی بەهەر لایەنێکیان سپێردراوە لە چالاکی و جولەی گەشتیاری بۆ دەستەبەرکردنی تەواوکاری لە گەشەپێدانی گشتگیردا.

ماددەی چوارەم:

ئەرکەکانی دەستە:

یەکەم: پێشکەشکردنی پێشنیازکردن بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ فراوانکردنی چالاکیی گەشتیاری لە هەرێم.

دووەم: پێشنیارکردنی دامەزراندنی لق و نووسینگەکانی دەستەی گەشتوگوزار لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم.

سێیەم: سەرپەرشتیکردنی دامەزراو خزمەتگوزارییەکانی خاوەن سروشتی گەشتیاریی بەهەماهەنگی لایەنە پەیوەندارەکان.

چوارەم: پێدانی مۆڵەتی کارکردن بۆ شوێنە گەشتیارییەکان و کۆمپانیا و نووسینگە و ئاژانسەکانی گەشت و گوزار بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان.

پێنجەم: ئامادەکردنی سیستمی پۆلینکردنی خواردنگە و باڵەخانە و خانووە گەشتیاری و هۆتێل و ڤیلای گەشتیاری و دامەزراوەی گەشتیاری دیکە بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان.

شەشەم: پێدانی مۆڵەتی جێگاکانی فرۆشتنی خواردنەوە کحولییەکان بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان.

حەوتەم: پێشنیازکردنی کردنەوەی پەیمانگە و ناوەندەکانی ڕاهێنانی کارمەندانی گەشتیاری لە کەرتی گشتی و تێکەڵاو و تایبەت بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان.

هەشتەم: پێدانی نموونەی پیشەسازییەکانی کولتووری لە هەرێم ئەوانەی لایەنی بەرپرس لە گەشتوگوزار لە عێراق و وڵاتانی عەرەبی و بیانی بەپێی ئەو ڕێسایانەی دەستەی گەشتوگوزار دیاریان دەکات.

نۆیەم: پشکنینی ئەو دامەزراوە گەشتیارییانەی دەکەونە ژێر چاودێری و سەرپەرشتیکردنی دەستەی گەشتوگوزاری.

یازدەم: دانانی پلانی ستراتیجی و ئامادەکردنی پلانی ساڵانە و جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندن و پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری.

دوازدەیەم: چاودێریکردن و ئاراستەکردنی دامەزراوە گەشتیارییەکان و مسۆگەرکردنی پابەند بوونیان بە یاسا.

سێزدەیەم: دڵنیابوون لە سەلامەتیی رێکارەکانی دامەزراندن و پابەندبوون بە یاسا و تێڕوانین لە تۆمارنامەکان و پێشکەشکردنی راپۆرت لەبارەیانەوە.

بەشی سێیەم

پێکهاتەکان

ماددەی پێنجەم:

دەستە پێکدێت لە:

یەکەم: سەرۆکی دەستە و ئەنجومەنی بەڕێوەبردن و ئەم بەڕێوەبەرایەتییانەی خوارەوە:

١- بەڕێوەبەرایەتیی کارگێڕیی و دارایی و یاسایی.

٢- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی گەشتوگوزار لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.

٣- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەبازاڕکردن و راگەیاندن و پەیوەندییەکان.

دووەم: بەڕێوەبردنی هەر بەڕێوەبەرایەتیەك لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی هاتوو لە بڕگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیە، بەڕێوەبەرێکی گشتی کە بەلانی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و خاوەن شارەزایی بێت.

ماددەی شەشەم:

یەکەم: دەستە سەرۆکێکی دەبێت بە پلەی جێگری وەزیر وبەرپرس دەبێت لە کارەکانی و ئاراستەکردنی سیاسەت و ستراتیجیەتەکانی، و سەرپەرشتیکردن و چاودێریکردنی، و گشت بڕیار و فەرمان و رێنماییەکان لە

سەرجەم ئەو شتانەی پەیوەستن بە ئەرکەکانی دەستە و دەسەڵاتەکانی و تەواوی کاروباری تەکنیکی و دارایی و کارگێڕیی لە لایەن سەرۆکی دەستەوە دەردەکرێن.

دووەم: مەرجە سەرۆك بەلای کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و خاوەن شارەزایی بێت.

سێیەم: دەستە دوو راوێژکاری دەبێت و لەو کەسانە دادەمەزرێن کە خاوەن شارەزایی و ئەزموونی زانستین لە بواری پسپۆڕییان بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە دە ساڵ، و لانی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بن.

چوارەم: سەرۆکی دەستە نووسینگەیەکی دەبێت کە فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات و هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەراییە و خاوەن شارەزایی دەبێت.

پێنجەم: سەرۆکی دەستە بۆی هەیە بەش یان هۆبەکانی دەستە لە کاتی پێویستی بهێنێتە کایەوە، یان لێکیان بدات یان هەڵیان بوەشێنێتەوە

ماددەی حەوتەم:

یەکەم: ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی دەستە، پێکدێت لە:

١- سەرۆکی دەستە/ سەرۆك.

٢- بەڕێوەبەرە گشتییەکانی دەستە/ ئەندام.

٣- راوێژکارانی دەستە/ ئەندام.

دووەم: ئەنجومەن، بەسەرۆکایەتی سەرۆکەکەی، بەلای کەم مانگی یەکجار کۆدەبێتەوە و بۆی هەیە هەر کاتێك بخوازێت کۆبوونەوە بکات، و بانگێشتکردن بۆ کۆبونەوە لە لایەن سەرۆکی ئەنجومەنەوە، یان زۆرینەی یەکێك ئەندامەکان دەبێت ،بەپێی پێویستییەکانی بەرژەوەندیی گشتی.

سێیەم: ژمارەی یاسایی کۆبوونەوە بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامەکانی دەستەبەر دەبێت.

چوارەم: بڕیارەکان بە زۆرینەی ئەندامە ئامادەبووەکان دەدرێن و لە کاتی یەکسانبوونی دەنگەکاندا، رای ئەو لایەنە یەکلاکەرەوە دەبێت، کە سەرۆکی ئەنجومەنی دەنگی لەگەڵ داوە.

پێنجەم: ئەنجومەن بۆی هەیە ئەوەی بە خاوەن شارەزایی و پسپۆڕیی دەزانێت بانگهێشتی کۆبونەوە بکات و بانگێشتکردنەکە بۆ راوێژکاری دەبێت.

ماددەی هەشتەم:

ئەنجومەن ئەم ئەرکانەی دەبێت:

یەکەم: دانانی سیاسەتی گشتیی گشتوگوزار لە هەرێم و بڕیاردانی پلان و پرۆگرامی پێویست بۆ جێبەجێکردنیان بۆ پەرەپێدان و چالاککردنی گەشتوگوزار.

دووەم: بەشداریکردن لە دانانی سیاسەت و فێرکردن و راهێنان و شیاندنی گەشیتاریی ئەویش بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندار.

سێیەم: پەسەندکردنی گرێبەستی پەیوەست بە دروستکردن و پەرەپێدانی دامەزراوە و پرۆژەی گەشتیاری و وەبەرهێنان.

چوارەم: رەزامەندیدان لەسەر پلانی ساڵانەی دەستە و بەرزکردنەوەی بۆ وەزارەت.

شەشەم: پەسەندکردنی ژمێرە کۆتاییەکانی دەستە و بودجەی ساڵانە.

حەوتەم: هەڵسەنگاندنی راپۆرتی ساڵانەی کەرتی گەشتیاری لە هەرێم و چالاکییەکانی دەستە و باری دارایی و وەرگرتنی بڕیار و راسپاردە.

هەشتەم: دەرکردنی رێنمایی تایبەت بە کەرتی گەشتیاری لە هەرێم.

نۆیەم: پێشنیازکردنی پرۆژە یاسا و پێڕەو ئەوانەی دەستە لە بواری گەشتوگوزاردا پێشنیازیان دەکات.

دەیەم: هەڵسەنگاندنی پێشنیاز و پرۆگرامی پەیوەست بە بەرزکردنەوەی ئاستی دامەزراوە گەشتیارییەکان و پەرەپێدانی چالاکیی گەشتیاری بۆ هەردوو کەرتی تایبەت و گشتی لە هەرێم.

یازدەم: هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتەکان و لایەنە پەیوەندارەکان بە جێبەجێکردنی پلانەکانی گەشەپێدانی گەشتیاریی بەپێی ئەو ئەرکانی بەهەر لایەنێکیان سپێردراوە لە چالاککردنی جولەی گەشتیاری بۆ دەستەبەرکردنی تەواوکاری لە گەشەپێدانی گشتگیردا.

دوازدەم: باسکردنی دەرفەتی وەبەرهێنانی بەردەست لە بواری گەشتوگوزار و دامەزراندنی شاری گەشتیاری و رەواجدان پێیان بۆ راکێشانی گەشتیاران و هەڵسەنگاندنی ئەو ئیمتیازاتانەی دەکرێت بدرێتە پرۆژەکانی گەشتیاری بەپێی یاسا.

سێزدەم: هەڵسەنگاندنی کار بەجێگەیاندنی گەشتیاری و کارکردن لەسەر لابردنی بەربەستەکانی بەردەم تەرخان کردنی زەوی پێویست بۆ دروستکردنی ناوچە و جێگا و دامەزراوە و پرۆژەی گەشتیاری بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

چواردەم: بڕیاردانی وەبەرهێنانی ناوچە یان جێگا گەشتیارییەکان و ناوچە پارێزراوە سروشتییەکان ئەوانەی بنەماکانی راکێشانی گەشتیارییان تیادا بەدی دەکرێت و قەدەغەکردنی هەر سودمەندبونێك جگە لە مەبەستەکانی وەبەرهێنان و چالاکیی گەشتیاریی.

پازدەم: پابەندنی بە هەر ئەرکێکی دیکەی پەیوەست بە چالاککردن و پەرەپێدانی جولەی گەشتیاری.

شازدەم: ئەنجومەن بۆی هەیە بڕیار بدات لەسەر دانانی چالاکییە گەشتیارییە هەرێمییەکان وەك براندێکی نێوخۆیی بەپێی رێنمایی، کە دەستە دەریان دەکات.

حەڤدەم: بڕیاردانی پێکهێنانی لیژنە لە نوێنەرانی سەرجەم وەزارەتەکان بۆ مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی پەیوەستن بە زەوییەکان لە ناوچە گەشتیاریی و نوێکراوەکان و وەزارەتەکانیش پابەند دەبن بە جێبەجێکردنیان.

ماددەی نۆیەم:

ماددەی نۆیەم:

ئەنجومەنی وەزیران لەسەر پێشنیاری دەستەی گەشتوگوزار، کۆمپانیای گشتی و تێکەڵاو دادەمەزرێنێت بەپێی یاسای کۆمپانیاکانی عێراقی ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٩٧ و یاسای کۆمپانیا گشتییەکانی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ١٩٩٧، و کار دەکەن لەسەر:

١- وەبەرهێنانی دامەزراوە گەشتیارییەکان و دامەزراندنی کۆمپانیای جۆراوجۆر لە کەرتی گەشتیارییدا.

٢- بەشداریکردن لە دامەزراوە و کۆمپانیای گەشتیاری دیکە.

٣- گەرەنتی کردنی کۆمپانیا و دامەزراوەی گەشتیاری،ی کە بەشدار دەبێت لەو گرێبەستانەی دەکرێن لەگەڵ بانکە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکاندا، بۆ وەرگرتنی قەرز بە ئامانجی جێبەجێکردنی ئەم پرۆژانە.

٤- ئەم کۆمپانیایانە سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕییان دەبێت و لە مامەڵەکردنی لەگەڵ کەسانی دیکەدا ناکەوێنە ژێرباری یاسای ژمێریاریی حکومییەوە.

٥- دەسەڵاتی گەشتیاری بۆی هەیە، بەڕێوەبردنی کۆمپانیا، بەبڕیاری ئەنجومەنی پێڕەوە دارایی و میلاکاتی کارگوزارەکانیان دەربکات.

ماددەی دەیەم:

بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی گەشتیاری و شوێنەوار دادەمەزرێت، و لە رووی کارگێڕییەوە سەر بە وەزارەتی ناوخۆ دەبێت و ئەو ئەرکیان پاراستنی جێگا گەشتیارییەکان دەبێت و رێنمایی لە دەستەی گەشتوگوزارەوە وەردەگرن.

ماددەی دوازدەم:

بەپێی ئەم یاسایە دادگایەکی تایبەت دادەمەزرێت کە پەیوەست بێت بە پرسەکانی گەشتیاران و یەکلایی کردنەوەیان بە رەزامەندی ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمی کوردستان و سیفەتی بەپەلە دەدرێتە ئەو پرسانەی پەیوەستن بە گەشتیاران.

بەشی چوارەم

حوکمە داراییەکان

ماددەی سێزدەم:

یەکەم: سندوقێك بەناوی (سندوقی کۆمەکی دارایی) دادەمەزرێت.

دووەم: سندوق کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕیی دەبێت و مایەکانی بە مایەی گشتی دادەندرێت.

ماددەی چواردەم:

پارەکانی سندوقی کۆمەکی دارایی لە ژمێرەیەکی تایبەت سپاردە دەکرێت بەناوی دەستەی گەشتوگوزار.

ماددەی پازدەم:

داهاتەکانی سندوقی کۆمەکی دارایی لەمانەی خوارەوە پێکدێت:

١- ئەو بڕە پارانەی لە بودجەی هەرێم بۆی تەرخان دەکرێت.

٢- بەخشین و یارمەتی و کۆمەك و دیاری پێشکەش کراو لە لایەن تاك و لایەنەکان لە ناوەوە یان دەرەوەی هەرێم، بەو مەرجەی ئەوەی دوایی ملکەچ بێت بۆ ڕەزامەندی ئەنجومەن.

٣- ڕێژەیەك لە کرێی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان لە شوێن و دامەزراوە گەشتیارییەکان کە دەستە بە ڕێنمایی دیاری دەکات.

٤- ئەو بڕە پارانەی وەردەگیرێن لە فرۆشتن و بەکرێدانی زەوی و دامەزراوە گەشتیارییەکان.

٥- ئەو بڕە پارانەی وەردەگیرێن لە ڕەسمی گەشتیاری بە سەرجەم جۆرەکانیەوە.

ماددەی شازدەم:

ئەو ڕێکارانەی تایبەتن بە پێکهێنانی سندوق و سپاردن و پارێزگارکردن و خەرجکردن یان سەرفکردنی مایەکانی بە ڕێنمایی دیار دەکرێت کە ئەنجومەن بە ڕەزامەندی وەزارەت بۆ ئەم مەبەستە دەری دەکات.

ماددەی حەڤدەم:

داهاتەکانی سندوق لە لایەن دەستەوە بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە بەکار دەهێنرێت:

١- پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری و پەرەپێدانی جێگا گەشتیارییەکان.

٢- پێدانی پێشەکی بۆ دامەزراندنی پڕۆژەی گەشتیاری.

٣- پێدانی سولفە بۆ پەرەپێدانی ئەو پڕۆژە و دامەزراوە گەشتیارییانەی لە ئارادان.

٤- پێدانی سولفە بە کۆمپانیا و ئاژانس و نووسینگەی گەشتیاری بۆ پەرەپێدانی کارەکانیان.

٥- پشتیوانیکردنی چالاکییە گەشتیارییەکان.

٧- پەرەپێدانی ژێرخانی ئابوریی جێگا گەشتیارییەکان.

٩- پشتیوانیکردنی کەرتی تایبەت و تێکەڵاو لە بواری ئەنجامدانی پێشانگە و کۆنگرە و بەشداریکردن تیایاندا لەگەڵ سەرجەم بوارەکانی بەبازارکردن و رەواجپێدانی گەشتیاری و راهێنان و شیاندنی کارمەندە گەشتیارییەکان.

١٠- بەبازارکردن و رەواجپێدان و ریکلامی گەشتیاری.

ماددەی هەژدەم:

ئەنجومەنی وەزیران پارەی رەسمی پێدان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی ساڵانەی پیادەکردنی پیشەی دامەزراوە گەشتیارییەکان بڕیار بدات لەسەر پێشنیاری دەستە و هیچ دامەزراوەیەکی گەشتیاری لە بڕە پارەی رەسم بەدەر ناکرێت جا بنەچەی پڕۆژەکە وەبەرهێنان بێت یان بانەوانیی یان بەکرێدان یان مولی تەواو بێت یان هی دیکە بێت.

ماددەی نۆزدەم:

بە بڕیاری دەستە چەند لیژنەیەك پێکدەهێنرێن لە (٥) پێنج ئەندام لەو فەرمانبەرانەی خاوەن شارەزایین و پلەی هەر کامێکیان لە بەڕێوەبەر کەمتر نییە و فەرمانبەرێکی دارایی دەخرێتە پاڵیان لەوانەی کارمەندی وەزارەتی دارایی و ئابورین و فەرمانبەرێکیش لە دەستەی وەبەرهێنان لە هەر پارێزگایەك بەگوێرەی ئەو لایەنەی بۆی

دەگەڕێنەوە بەمەبەستی تێڕوانین لە داواکارییەکانی خوازیارانی بەکرێگرتنی ماڵ و موڵکی گەشتوگوزار و لێخۆشبوون بیانگرێتەوە لە بەکرێگرتن لەناوچە گەشەسەندووەکان کە تیایدا کەسی کرێچی مایەکەی خۆی وەرناگرێتەوە لە ڕێگەی سوود وەرگرتن لەم ماڵ و موڵکانە بۆ ماوەی دیارکراو ئەویش بۆ هێنانەدی بەرژەوەندیی گشتی و پەرەپێدانی گەشتیاری لەو ناوچانە.

بەشی چوارەم

حوکمە سزاییەکان

ماددەی بیستەم:

یەکەم: لە کاتی سەرپێچیکردنی دامەزراوەی گەشتیاری بۆ حوکمەکانی ئەم یاسایە و ئەو پێڕەو و ڕێنماییانەی بەپێیەوە دەرچوون، سەرۆکی دەستە یان ئەوەی رایدەسپێرێت بۆی هەیە لە دوای هۆشداریدان بە ڕێگە یاساییەکان پێبژاردنێکی دەستبەجێ بسەپێنێت کەمتر نەبێت لە (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار و زیاتر نەبێت لە (٣,٠٠٠,٠٠٠) سێ ملیۆن دینار و پابەند کردنی بە لابردنی سەرپێچییەکە لە وادەیەك کە لیژنەی راسپێردراو بە پشکنین دیاری دەکات.

دووەم: ئەگەر خاوەنی دامەزراوەی گەشتیاری یان بەڕێوەبەری بەرپرس لە بەڕێوەبردنی وێڕای هۆشداریدان و پێدانی ماوە و سەپاندنی سزای پێبژاردن سەرپێچییەکە لانەبات، ئەوا دەستەی گەشتوگوزار یان ئەوەی رایدەسپێرێت بۆی هەیە دامەزراوە گەشتیارییەکە دابخات تاوەکو نەمانی ئەو هۆیانەی بوونەتە مایەی داخستنی.

ماددەی بیست و یەکەم:

هەر کەسێکی خاوەن بەرژەوەندی مافی بێدادی هەیە بەرامبەر بریاری داخستن یان پێبژاردن لە ماوەی (١٠) دە رۆژ و لە رێکەوتی پێراگەیاندنی بە بریاری رەتکردنەوە بێدادی یان تێنەڕوانین تیایدا شیاوی تانەلێدان دەبێت لەبەردەم دادگای کارگێڕیی بەپێی حوکمەکانی یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی بەرکار.

بەشی پێنجەم

حوکمی گشتی و کۆتایی

ماددەی بیست و دووەم:

پێویستە لەسەر دەستەی گەشتوگوزار ئەوەی پێویستە بۆ پشتیوانیکردنی کەرتی گەشتوگوزاری تایبەت و تێکەڵاو بگرێتەبەر بە گشت جۆرەکانی پشتیوانیکردنی ماددی و مەعنەوی بەپێی ڕێنمایی تایبەت کە دەستە دەری دەکات.

ماددەی بیست و سێیەم:

یەکەم: ئەو ناوچە گەشتیارییانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە لە لایەن دەستەوە دیار دەکرێن.

دووەم: خاوەنی ئەو زەوییانەی مولکی تەواون بۆیان هەیە پرۆژەی گەشتیاری دابمەزرێنن بە ڕەزامەندی دەستە پاڵپشت بەو مەرجانەی دەستە دەریان دەکات لە چوارچێوەی ڕێنمایی تیایدا پێگەی جوگرافی و دابونەریت ناوچەگە لەبەرچاو دەگیرێت لەگەڵ بەهەند وەرگرتنی ماستەر پلانی ئەم ناوچانە.

سێیەم: خاوەن مافی ڕەفتارپێکردن لە زەوی کشتوکاڵی بۆی هەیە پرۆژە و دامەزراوەی گەشتیاری یان گازینۆ لەسەر ئەم زەوییانە دابمەزرێنێت بە ڕێژەیەك زیاتر نەبێت لە (٢٥٪)ی تەواوی ڕووبەری زەوییەکە و بە ڕەزامەندی ئەنجومەن بەدەر لە حوکمەکانی یاسا بەرکارەکان.

ماددەی بیست و چوارەم:

پێویستە لەسەر وەزارەتی شارەوانی و بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ زەوی کشتوکاڵی بۆ بەرژەوەندیی دەستە بکوژێنێتەوە بەمەبەستی جێبەجێکردنی پرۆژە گەشتیارییەکان.

ماددەی بیست و پێنجەم:

دەستە بۆی هەیە ئەو زەوییانە بگۆڕێت کە دەکەونە ناو سنووری ئەو پرۆژە گەشتیارییانەی لە وادەی جێبەجێکردندان بەپێی پلانی ساڵانەی گەشتوگوزار و پێویستە لەسەر وەزارەتی شارەوانی ساڵانە پارچە زەوی بۆ دەستە دابین بکات ئەوانەی خاوەنیانە یان بۆیان تەرخان کراوە.

ماددەی بیست و شەشەم:

ئەوەی بەبەرامبەر زەوی بۆ تەرخان دەکرێت مافی هەیە پرۆژەکە یان ئەو دامەزراوە گەشتیارییەی لەسەری دروستکراوە لەدوای تەواوبوونی بەبێ زەوییەکە بفرۆشێتە کەسانی دیکە لەدوای وەرگرتنی رەزامەندیی یاسایی لە گەشتوگوزار.

ماددەی سییەم:

دەستە بۆی هەیە گرێبەست بکات لەگەڵ پسپۆڕی راوێژکار لە سەرجەم بوارەکان بەرەچاوکردنی رێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە حکومییەکان.

ماددەی سی و یەکەم:

ئەمانەی خوارەوە بەرێنمایی دیار دەکرێن کە دەستە دەریان دەکات:

١- مەرجەکانی پێدان و نوێکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی دامەزراوەی گەشتیاری.

٢- مەرجەکان و رێساکانی پشکنینی دامەزراوە گەشتیارییەکان.

٣- مەرجەکانی پۆلینکردنی دامەزراوە گەشتیارییەکان.

٤- مەرجەکانی کردنەوەی پەیمانگە و ناوەندەکانی راهێنانی گەشتیاری لە کەرتی گشتی و تێکەڵاو و تایبەت.

٥- مەرجەکانی پێدان و نوێکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی پیادە کردنی پیشە بە کۆمپانیا و نووسینگە و ئاژانسەکانی گەشت و گوزار.

٦- مەرجەکانی پیادەکردنی پیشەی رێنوێنیکاری گەشتیاری.

٧- مەرجەکانی مۆڵەتدانی پرۆژە گەشتیارییەکان بەپێی سیستەمی دابەشکردنی کات بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابوریی.

٨- مەرجەکانی مۆڵەتدانی چاپەمەنییە گەشتیارییەکان.

٩- مەرجەکانی مۆڵەتدانی ئاهەنگ لە پێگە گەشتیارییەکان.

١٠- مەرجەكانی مۆڵەتدانی یاری دۆمبەڵان لە دامەزراوە گەشتیارییەکان.

١١- مەرجەكانی مۆڵەتدانی یارییە ئەلیکترۆنییەکان لە پێگە گەشتیارییەکان.

ماددەی سی و دووەم:

ئەو پرۆژە و دامەزراوە گەشتیارییانەی دەکەونە ناو پۆلینکراوی گەشتیاری ئەو لێخۆشبوونانە دەیانگرێتەوە کە بڕیاردراون بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان بەپێی یاسای وەبەرهێنان بێجگە لە رسوماتی پیادەکردنی پیشە.

ماددەی سی و سێیەم:

پشکەکانی کۆمپانیای ئەنیشکێی هاوپشکی تێکەڵاو کە ٤٩٪ی سەرمایەی کۆمپانیاکەیە و بەناوی وەزارەتی دارایی عێراق تۆمارکراوە بەبێ بەرامبەر بەناوی دەستە تۆمار دەکرێت و لە باج و رسومات دەبوردرێت.

ماددەی سی و چوارەم:

رەفتارکردن بەو زەوییانەی دەستە وەك پێگەی گەشتیاری دیاریان دەکات تەنها بۆ دەسەڵاتی گەشتیاری دەگەڕێتەوە و خاوەندارێتی لە وەزارەتە پەیوەندارەکان دەگوازرێتەوە بۆ دەستەی گەشتوگوزار و ئەو زەوییانەی ئیفراز نەکراون ئیفراز دەکرێن و خاوەندارێتیان بۆ دەستە دەگەڕێندرێتەوە.

ماددەی سی و پێنجەم:

ئەنجومەن بۆی هەیە ماوەی گرێبەستی پرۆژە گەشتیارییە بەکرێدراوەکان لە گوند و لادێکان درێژ بکاتەوە لەو پێگانەی لە ماوەی بەکرێدانەکە سەرمایەی پرۆژەکەی لێ بەدەست ناهێندرێت و بەپێی لێتوێژینەوەی کەڵکی ئابوری لە دوای وەرگرتنی رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران و لە دوای جێبەجێکردنی رێژەی ١٠٠٪ی پرۆژەکە لە رێگەی لیژنەی پێکهێنراو بۆ ئەم مەبەستە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان.

ماددەی سی و شەشەم:

لێبڕینی ٥٠٪ لە پسوولەی دامەزراوەی گەشتیاری بەسەر دامەزراوە گەشتیاری و شوێنە گەشتیارییەکان دەسەپێندرێت بۆ کارمەندانی گەشتوگوزار.

ماددەی سی و حەوتەم:

دامەزراوە گەشتیارییەکان داشکاندنی تایبەت لە کرێی ئاو و کارەبا و خزمەتگوزاری دیکە دەیانگرێتەوە بەپێی ڕێنمایی کە ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای دەستەی گەشتوگوزار دەری دەکات.

ماددەی سی و هەشتەم:

دەستەی گەشتوگوزار بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

ماددەی سی و نۆیەم:

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی چلەم:

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

ماددەی چل و یەکەم:

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

بەشی شەشەم

هۆیەکانی دەرچوواندن

لەبەر گرنگی گەشتوگوزار لە گەشەپێدانی ئابووریی لە هەرێم، و ئەو ڕەهەندانەی هەیەتی لە چەسپاندنی شوناسی نیشتیمانی و پارێزگاریکردن لە بنەماکانی کوردستانیی و بەهاکانی کەلتووریی ڕۆشنبیریی و دەستکەوتی تەلارسازیی باوباپیران، پاڵپشت بە پێداچوونەوەی گشتگیری ئەزموونی وڵاتە پێشکەوتووەکان لە بوارەکانی گەشتوگوزار بە هەموو جۆرەکانی، و جەختکردنەوە لە گرنگی پلاندانان و کارکردن لەسەر پیادەکرنی ستراتیجیەتێکی ڕوون بۆ هەستاندنەوەی گەشتوگوزاریی نیشتیمانی، و لەپێناو ڕەخساندنی بارودۆخی باشتر بۆ کەرتی گەشتیاری بۆ ئەوەی بتوانێت بە ڕۆڵی ژیانەوەری خۆی هەڵبستێت لە پشتیوانیکردنی گەشەپێدانی

ئابووریی لە چوارچێوەی شەفافیەت و کاری دامەزراوەیی دوور لە بیرۆکراتیەتی کارگێڕیی، بۆ هێنانەدی گشت ئەمانە، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.